# گفتوگۆ لەهاوکێشەی تەکنیکە دەنگییەکانی ژانری رۆمان وهونەری سینەمادا

تویژینەوەیەکی رەخنەی بەراوردی شیکاری توێژینەوەیەکی هەڵێنجراوی تێزی دکتۆرایە

[1]پ.ی.د. تانیا أسعد محمد صالح, [2]ریزان عثمان مصطفی

١م بەشی زمانی کوردی/ کۆلیژی پەروەردی بنیات ,زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر
٢م بەشی شێوەکاری/ کۆلیژی هونەرە جوانەکان,زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر

**نووسەری پەیوەندیکار:** پ.ی.د. تانیا أسعد محمد صالح *

---

## پوختە

گرنگیدان بە تەکنیك لەڕووی پێکهاتە وشێوەو دیاردە، چۆنیەتی کاری دەقنووسمان بەر لەماهیەتی کارەکە بۆ دەخاتەڕوو، چونکە دەق تەنیا بریتی نییە لەگەڕان بەدوای ناوەڕۆکێك "فیکری، مەعریفی، ئابوری، کۆمەڵایەتی..."، بەڵکو هاوتای ناوەڕۆك گەڕانە بەدوای چۆنیەتی پێکهاتەی شێوە هونەرییەکەی، کەواتە کاری دەقنووسی شارەزارو لێهاتوو، یەککستنی هونەریی شێوەو ناوەڕۆکە، وەکو دووڕووی دراوێکن، ئەگینا لەبنچینەوە ئەم دوو پێکهاتەیە؛ تەنیا لەمیانەی تیۆرییەوە لەیەکتری جیادەکرێنەوە.

سەبارەت بەبابەتەکەی ئێمەش گفتۆگۆیە؛ پێگەو شوێنێکی گرنگ وباوەڕپێکراو وپەسەندی لەلێکۆڵینەوەی تایبەت بەرەخنەوە هەیە، چ لەبواری ژانری رۆمان، یاخود فلمی سینەمایدا بێت، بەتایبەتیش لەقۆناغی ئێستادا لەنێوان ئەو بۆچوونانەی ئایا رەگەزێکی یاریدەدەرە یان رەگەزێکی بنچینەییە لەدەق – فلمدا.

**وشە کلیلییەکان:** تەکنیك، گفتوگۆ، رۆمان، سینەما، چنین، دەنگ

---

## 1.پێشەکی

گفتوگۆ یەکێکە لەتەکنیکە بنچینەیەکانی گێڕانەوەی دەقی "رۆمان، سینەما، شانۆ، شیعر..." جوانی دەبەخشێتە دیمەن وگرتەکانی دەق لەمیانەی هاندان و شیرینکردنی گفتوگۆ لای وەرگر، لەخستنەڕووی هەندێك رووداوی لەناکاو، کەوا یارمەتی خوێنەر دەدات پرسیارو گومان وخەیاڵکردنی سەبارەت بەکەسایەتیەکان ورووداوە چاوەڕواننەکراوەکان لەدرێژەی خوێندنەوەی رۆمان و بینینی فلمدا لەلای دروستبێت. بەو واتایەی رۆماننووس وسیناریونووسی شارەزاو پسپۆر دەتوانن گفتوگۆیەکی باش بێنەکایەوەو چنینی رووداوەکان چڕبکەنەوەو بەرەو پێشەوەی بەرن. جگە لەبەکارهێنانی زمانێکی ستاندەر، زار و بن زار لەگێڕانەوەیدا، کە پێگەو ئاستی رۆشنبیری کەسایەتییەکان دەخاتەڕوو.

## 2. هۆکاری هەڵبژاردن:

جوڵەو بزێوی تەکنیکی گفتوگۆ لەکۆی ژانر و هونەرەکان بەتایبەتیش لە "رۆمان و سینەما"دا هەروەها کاریگەری بنیاتی گفتوگۆ لەهەر یەك لەژانری رۆمان وهونەری سینەمادا.

## 3.گرنگی توێژینەوە:

سوود وەرگرتنی توێژەرانی بواری ئەدەب و هونەری سینەما لەم بابەتەدا. هەروەها ئەم بابەتە خوێندنەوەیەکی تیوری رەخنەی بەراوردی شیکارییە.

ئامانجی توێژینەوە: بریتییە لەدەست نیشانکردنی چۆنیەتی وەبەرهێنان وگرنگی دەنگ لەنێوان هونەری سینەماو ژانری رۆماندا، جگە لەخستنەڕووی پێکهاتەو تایبەتمەندی گفتوگۆ ، کە رایەڵەی پەیوەندی نێوان تاکەکانەو هەروەها رۆڵی لەنمایشکردنی چۆنیەتی و چەندییەتی دەنگەکان لەکاتی پەیوەندیکردندا.

## 4.سنوری توێژینەوە:

شەنوکەوی گفتوگۆی ژانری رۆمان وهونەری سینەمایە لەسێ رۆمان و فلمێکی کوردییە: رۆمان و فلمی "ژانی گەل" ئیبراهیم ئەحمەد، رۆمانی "شەوانی ئادەم "بەیان سەلمان، رۆمانی"میرنامە" جان دۆست.

## 5.کێشەی توێژینەوە:

نیگای بنچینەیی ودەستپێکی هەر توێژینەوەیەك، سەودای دیاریکردنی کێشەو تەنگوچەڵەمەی ناوەرۆکی توێژینەوەکەو چارەسەریەتی، گرفتی گەورە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی دەنگە لەژانری رۆمان وهونەری سینەمایە، ئایا دەقنووس (رۆماننووس ، سیناریۆنووس) تاچەند توانیوویانە زمانی ستاندار و زمانی ئاسایی تێکەڵ بکات، یاخود زمانی کەسەکایەتییەکان رەنگدانەوەی ئاستی رۆشنبیری و فیکری خۆیان بووە؟ چونکە لەهەندێك حاڵەتدا دەقنووس تەنیا مەبەستی گەیاندنی پەیامە بەبێ گرنگیدان بەلەیەکترجیاکردنەوەی ئاستەکان.یاخود کێشەی گێڕەڕەوە، بۆیە ئەم پرسیارانە دێنەکایەوە؟

- ئایا گفتوگۆ فرە دەنگە یان تاك دەنگ؟
- لەگفتوگۆی ناوەکیدا، مۆنۆلۆگ زاڵە یان خۆدواندن؟

میتۆدی توێژینەوە: لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی "رەخنەی بەراوردی شیکاری" پەیڕەوکراوە، بەپێ ئەم میتۆدە سەرەتا لەڕووی تیۆرییەوە چەمك و زاراوەکان رووندەکرێتەوەو پاشان بەگوێرەی پێویست لەسەر نموونەی رۆمانەکان پراکتیزەدەکرێت. سەبارەت بەرێکخستنی سەرچاوەکان دوو مێتۆد بەکارهاتووە، یەکەمیان: تایبەتە بەسەرچاوانەی زانیاری لێوەرگیراوەو بەپێ سستمی هارڤارد رێکخراوە. دووەمیان: تایبەتە بەو نموونانەی لەرۆمانەکاندا وەرگیراوەو تەنیا ئاماژە بەلاپەڕەی نموونە وەرگیراوەکان کراوە.

## 6.ناوەڕۆکی توێژینەوە:

باسەکەمان بۆ سێ تەوەرە دابەشکردووە: تەوەری یەکەم: لەژێر ناوی تەکنیکە بیستراوەکان(دەنگییەکان)ە تیایدا تیشك خراوەتە سەر تەکنیکی دەنگ لەنێوان ژیانی ئاسایی وهونەرییدا، جگە لەخستەڕووی دەنگ لەهەریەك لەبوارەکانی هونەری بینراو

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12559]
- **Submission Date:** [26/04/2026], **Revised Date:** [26/04/2026], **Accepted Date:** [12/07/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

هونەری نووسراوداو کاریگەری و پێگەی هەریەك لەم هونەرانە لەسەر وەرگر. لەتەوەری دووەمدا :باس لەبنیاتی گفتوگۆو گرنگی و ئەرك و رۆڵی لەنێوان ئەم دوو ژانرو هونەرەدا. سەبارەت بەتەوەری سێیەم:باسوخواز لەجۆرەکانی گفتوگۆو پراکتیزەکردنی فلم و رۆمانەکانە لەڕووی پێکهاتەی تەکنیکی هەریەك لە گفتوگۆی دەرەکی و گفتوگۆی ناوەکی –مۆنۆلۆگ، کەوا چەندین نموونەمان لێی شیکردتەوەو هەڵمانسەنگاندووە. لەدرێژەی شەنوکەوی بابەتەکە ئەنجامەکانمان خستۆتەڕوو.

**تەوەری یەکەم: تەکنیکە بیستراوەکان (دەنگییەکان)**

دەنگ رەگەزێکی بنچینەیی و ژێرخانی بنیاتنەری پەیوەندیکردنە، کار لەگەشەکردن وپەرەپێدانی بیرو هەستەکانی تاك بەرانبەر خودو دەوروبەر دەکات، کەواتە دەکرێ بڵێین دەنگ کۆی بیستراوە گۆکراوەکانە ((درك بەکاریگەرییەکانی دەکەین بەر لەدرکپێکردن بەناوەرۆکی))(أنیس: بدون سنة الطبع: 5) لەڕووی چۆنیەتی بنیات وپێکهاتەو تایبەتمەندی وئەرکو پلەو ئاستەکان کەپسپۆرانی فیزیا، زمان، ئەدەب و موزیك راڤەو لێکدانەوەی زانستی بەپێ بوارەکەی خۆیان دەخەنەڕوو، لەم رووەوە چەند ناسینێکی دەنگ دەخەینەڕوو، لەوانە:

لەڕووی زمانەوە، دەنگ واتا((دەنگ، زەنگ، دەنگی لێوەهات، هاواریکرد، هەروەها دەگوترێت دەنگ بەدەنگ، دەنگە دەنگ، واتای هاوارکەر. وە هەموو ریتمێك لەگۆڕانی دەنگو کۆی دەنگەکان.))(ابن منظور: 2000: 57) واتا هەموو ئەوەی لە لەرینەوەی تەنێك "مرۆڤ، سروشت/با، باران، ئاژەڵ" گوێمان لێیدەبێت.

لەڕووی زاراوەوە، دەنگ:((ئامرازی ئاخاوتنە، ئەو ناوەرۆکەیە، کەوا کەرتکردن ولێکدانی تێدائەنجامدەدرێت و جوڵەی زمانیش بەئاخاوتن و وشەی هاوسەنگ و رەانبێژی چنراو نایەتەکایەوە، بەڵکو تەنیا بەدەرکەوتنی دەنگە. هەروەها پیت نابێتە وشە، تەنیا بەکەرتکرکردن و لێکدان نەبێت.))(الجاحظ: 1975: 79) واتا دەنگ بچوکترین یەکەی زمانە کەجیاوازی واتا لەنێوان وشەکان دەخاتەڕوو.

لەڕووی چەمکەوە، دەنگ:((دەنگی لێوەهات، هاواریکردو دەنگی لێوەهات و دەنگیدا، پیاوەکە دەنگی لێوەهات واتا لەرینەوەی میکانیکی لەشێوەی شەپۆل لەناوەندێکی مەتریالدا هەوا ودەنگ دەگوازێتەوە.))( الفیروز أبادي: بدون سنة الطبع: 143).

ئەمە تایبەتمەندی دەنگە لەژیانی ئاسایی رۆژانەدا. بەڵام سەبارەت بەبابەتی هونەری "رۆمان – سینەما" ئەرك وتایبەتمەندییەکانی جیاوازە. لەبواری ئەدەبدا دەنگ پەنجە مۆری تایبەتمەندی شێوازی گوزارشتکردنی حیکایەتخوان-گێڕەرەوە یان نووسەرە؛ بەتایبەتی لەسەردەمەکانی بەر لەداهێنانی نووسین، یەکێك لەئەرکەکانی ئەدەب تۆماری مێژووی ئەدەبی زارەکی و فۆلکلۆر بووە؛ کەوا حیکایەتخوان، شاعیر لەدەربارو بازارە هونەرییە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا بابەتەکانیان لەمیانەی دەنگێکی روون وبەجۆش و لێوان لێو لەسۆزو دەربڕینی جوڵەیی "دەست، ئاماژەکانی روو". زمانێکی پاراو پێشکەشکردووە بەئامانجی کارتێکردن و گەیاندنی پەیام بەوەرگر، جگەلەوەی ئەو دەنگانەی دەچنە گوێ، ئنجا مێشك لەمیانەی حوکم وبەراوردی زەینی بەرووداوە دەنگییەکان بەچەند هۆکارێك کاریگەر دەبێت ، لەوانە:

1- ((مێژوویی رابردووی نزیکی فیزیایی گوێگر "تەندروستی بیستنی گوێگر".
2- راهێنانی پێشوەختەو شارەزایی رابردووی گوێگر.
3- لایەنگیری دیاریکراوی تایبەتی گوێگر.))(البیضائي: 2011: 144-145).

ئەمە پەیوەندی بەئەزموونی چۆنیەتی وەرگرتن ولێهاتوویی وشارەزایی گوێگرەوە هەیە، تا چەند دەتوانێت دەنگو وێنە زەینیەکان بەیەکەوە ببەستێتەوەو راڤەو لێکدانەوەیان بۆ بکات. بۆیە داهێنانی نووسین هەرچەندە بارگرانی حیکایەتخوان و شاعیرانی سوککردووە، بەڵام هیچ کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر بوارو پێگەی دەنگ نەناوەتەوە لەگەڵ ئەوەی بوو بەدەنگێکی کپ، چونکە دەنگ لەنێوان زانیارییەکاندا سەلیقەو چڕی زمین و هەستی دەقنووس لەخۆیدەگرێت و ئەو زانیارانەیش کۆدەکاتەوە کەخوێنەر پێویستی بەزانینی هەیە، ئەو موزیکە نووسراوەیە؛ کەواتا رووندەکاتەوە؛ بەو واتایەی دەکرێت وەسفی ئاوازێکی سۆزداری، خەم یان خۆشی دەقنووس لەدەقدا بکەین ودەکرێت پێوانە بکرێت. بۆ نموونە "لە وتارێکدا دەربارەی مشتومڕو ململانێیە، دەقنووس دەیەوێت مەعقول" یاخود بابەتی و بێلایەن، بێت "هەروەکو لە راپۆرتی زانستیدا"کەواتە ئاواز لەمیانەی هەڵبژاردنی وشەکان بنیات دەندرێت، بنیاتی رستە، وێنە وئامرازی هاوتا. ئەمە هەڵویستی نووسەر بۆ وەرگر دەگوازێتەوە. بەڵام دەنگ لەنووسیندا بەپێچەوانەی ئەمەیە؛ دەنگ بەدەنگی گۆکراوەت دەچێت: قووڵە، بەرزە،بەکارنەهاتووە، ئەم تۆکمەیە وادەکات دەنگت جیاوازبێت، بەبێ لەبەرچاوگرتنی زار لەهەندێك لایەنەوە؛ ئاواز ودەنگ ئاوێتەی یەکتری دەبن. بەڵام لەگەڵ ئەویشدا دەنگ سیمای بنچینەیی جەختکەرەوەی دەقنووسە، لەکاتێکدا ئاواز بەگوێرەی بابەت وهەستی نووسەر دەگۆڕێت.( eferrit.com ). جگەلەوەی گۆڕینی دەنگ بۆ وشە شێوازی نووسەرو وەرگرەکانی لەدەست نادات، چونکە هەر بابەتێك دەنگو وشەو وێنەو ئەندێشە ...هتد، پەنجەمۆری خۆی لەسەر بیرو هەستو روحو زەنیدا بەجێدەهێڵێت.

سەبارەت بەهونەری بینراویش، لەگەڵ ئەوەی دەنگ ((رەگەزێکی نەبینراوە، بەڵام ئەو وێنە زەینی و خەیاڵیە گوزارشتکراوانەی لەوێنەدا دەوروژێنرێت؛ وایلێکردووە ببێتە رەگەزێکی گرنگ لە رەگەزە پێکهێنەرەکانی بنیاتی شێوەی هونەری لەکاری تەلەفزیۆنی وسینەماییدا))(الیاسري: 2013: 115).بەو واتایە دەنگ لەهونەری سینەمادا تەنیا زیادکراوێك نییە، بەڵکو هاوتای تەکنیکیە هونەرییەکانی دیکە بەهەوڵو تەقەلای سینەماکاران، بەچەندین لەمپەرو تەنگژەو ئەزموونی هونەری و تەکنیکی وپراکتیکی وزانستی تێپەڕیووە، تاوەکو خراوەتە نێو فلم. فلمی (گۆرانی بێژی جاز – 1927)بەسەرەتای وەرچەرخانی مێژووی سینەما دادەنرێت، لەبەر ئەوەی پرۆسەی جوانناسی و بنیاتی پێکهاتەی دەربڕین وگوزارشتکردنی وێنە بەدەنگەوە لەڕووی بەرجەستەکردنی هاوتای واقیع لەفلمەکەدا تێروتەسەلو تۆکمە بوو، هەرچەندە رێنیە کلێر دەیگووت: ((دەبێت بەر لەهەموو شتێك بگەڕێین بەدوای ئەو رووداوانەی کە تێگەیشتن لەرێی وێنەوە تێرو تەسەلترە، دەبێت وشە تەنیا رۆڵی لەبەهای هەڵچوون زیاتر نەبێت و سینەمایش دەبێت گوزارشتکردن و دەربڕینی نێودەوڵەتی بەوێنە بێت.))(البیضائي:

2011: 14)، لەڕێی رووناکی وسێبەرو میزانسین...هتد فلمەکە بخرێتەڕوو.

بەڵام هیتشکوکی دەرهێنەر، لەهونەری سیەمادا بەپێچەوانەوە مامەڵەیەکی بەرفراوانی لەئاستی دەنگدا کردووە، لەبەر ئەوەی دەنگ واقیعیەت وجوانیناسی و روونکردنەوەی وێنەی زەینی وردتر لەلایەنی دەروونی و دراماییەوە بەبینەر دەبەخشێت. بۆ نموونە لەفلمی "باڵندەکان" دەنگی باڵندەکان لەحەوت هێرشدا جیاوازە. ئەمەی پاڵنەر وهۆکاری هاندان و بێنەوبەرەی سەیرکردنی فلمەکەی لەلای بینەر شیرینتر کردووە، ئەوەیە ئایا گوێمان لەدەنگی باڵندەکان دەبێت، یان باڵندەکان دەبینین، بۆیە دەکرێ بڵێین دەنگو وێنە تەواوکەری یەکترین، بەڵام دەنگ ((لەفلمدا سەرچاوەی باوەڕپێکراوی واتایە.))(دي جانيتي: 1981: 264) هاوکات سەرچاوەی وەرگرتنی زانیاری وبەرهەمهێنانی واتاو وێنەو دەلالەتی وێنەی زەینییە، جگەلەوەی لەرێی دەنگەوە دەتوانین باس لەکۆمەڵێك بابەتی وەکو: "کەسایەتی، شوێنکات و رووداو" بکەین، کە لەسیاقی فلمدا دەرناکەون وتەنیا دەگێڕدرێنەوە.

ئەمە دەستڕۆیشتوویی دەنگمان بۆ یەکلادەکاتەوە، کە لەهەر بوارێك بەجۆرێك خۆی دەنوێنێت. سەبارەت بەتەکنیکە دەنگییەکان چ تەکنیکی گفتۆگو، فلاش باگ، موزیك، بێدەنگی و کاریگەرییە دەنگییەکان هەریەکە خاوەن ئەرك ورۆڵ وپێگەو ئاراستەی خۆیانن لەپێکهاتەی هونەری دەق، فلمدا. لێرەدا تیرۆژی بابەتەکەمان دەخەینە سەر گفتۆگۆ، لەبەرئەوەی زۆرینەی بەکارهێنانەکانی دەنگ لەگفتوگۆدا جەختی لێدەکرێتەوە.

**تەوەری دووەم: گفتوگۆ لەنێوان پەیوەندی ژانری رۆمان و هونەری سینەمایدا**

**گفتوگۆ – دیالۆگ**

گفتوگۆ سیمای بەردەوامبوونی پەیوەندیکردن وگەڕانە بۆ تێگەیشتن لەویتر، جا گفتوگۆی کتێبە ئاسمانییەکان، گفتوگۆی رۆژانە، فیکر، دەروون، روح ...هتد. سەبارەت بەگفتوگۆی هونەریش لەڕووی بنیات وپێکهاتەوە بەیەکێك لەرەگەزە گرنگەکانی دەربڕین و گوزارشتکردن دادەنرێت، هەرچەندە ((لەرواڵەتدا گفتوگۆیەکە لەنێوان دوو کەس یات زیاتر، بەڵام لەراستیدا بابەتەکە لەم گۆشە نیگایەوە گەمارۆ نەدراوە، بەڵکو بۆ وەرگرێك تێدەپەڕێت، کە بەکەسی سێیەمی نەناسراو-نەبینراوی نێوان ئەم گفتوگۆکەرانەی ناو دەق دادەنرێت، وا لەبازنەی قسەکردندەکات کراوەبێت و داخراونەبێت.))(Green: 1950: 39). ئەم تێڕوانین وگۆشەنیگای کەسییەتی کەسایەتی کەسەکان، کەوا گوزارشت لەبیروبۆچوونی خۆیان بکەن، هەروەها درککردن بەو ژینگەیەی تیایدا دەژین، جگەلەوەی کەسییەتی کاراکتەرەکان هۆکارێکە لەدیاریکردنی جۆری دەق "نوسراو-بینرا" لەڕووی تاك دەنگی یان فرە دەنگییەوە، باختیین بە((دیاردەی گێڕانەوەی جوانناسی یان شعرییەت ناوزەدیکردووە، لەو روانگەیەی هەر گفتوگۆیەك هەڵگری ئایدیۆلۆژیایەکەو خاوەن زمانی تایبەتی خۆیەتی، کاریگەری دەبێت لەوەی بەبەردەوامی تێروانین و گۆشەنیگای نوێ وتایبەت ولێکدراو "ئەزموونی کۆن و نوێ" بخاتەڕوو. لەپاڵ ئەوە چەندین دەلالەتی کۆمەڵایەتی، زمانەوانی، دەروونی و فیکری لەخۆ بگرێت.))(باختین: 1986: 11) ئەم فرە دەنگی و زمانەی لەشاکارەکانی دۆستۆفیسکیەوە هەڵێنجاوەو مەسەلەکە لەدەوری شێوەی گفتوگۆیەکی ئاسایی تایبەت بەپێشکەوتنی بابەت لەمیانەی کایەیەکی تایبەت بەتێگەیشتنی مۆنۆلۆگی پشتبەستوو بەپاشخانێکی جیهانێکی شتە تاکەکان نابەستێت، نەخێر؛ بەڵکو مەسەلەکە لەچوارچێوەی گفتوگۆیەکی دیکە چەرخەدەکات، کە گفتوگۆیەکی تێروتەسەلە، واتە دراماتیکە کۆنەکان خاوەن کایەیەکی مۆنۆلۆگین، بەڵام رۆمانەکانی دۆستۆفیسکی خاوەن کایەیەکی گفتوگۆیین. بنیاتەکەی پێکدێت؛ نا بەو سیفەتەی تاکە وشیارییەك بێت وشێوەی وشیارییەکانی دیکە وەربگرێت، بەڵکو بەوسیفەتەی کاریگەرییەکی ئاڵوگۆڕکراوی تەواوی نێوان ژمارەیەك لەشێوەکانی وشیارییە، کە هەموویان نەبن بەشێوەی یەك بابەت object تاکۆتایی. ئەم کاریگەرییە ئاڵوگۆڕکراوە بنەمای "چەق، گۆرانی یان درکپێکردن" بەتێڕاماو پێشکەش ناکات، بەڵکو وا لەتێڕاماو دەکات بەشداربێت، بەم شێوەیە رۆمان نەك تەنیا پلەوپایە بەبەرەی سێیەمی دەرەوەی چوارچێوەی تەماشاکەری گفتوگۆ پێشکەش ناکات، بەپێچەوانەوە هەموو شت تیایدا بەپێ بنیاتە بەجۆرێك کە بتوانن جیاوازی گفتوگۆ کەی بخەنە بەردەم رێگایەکی داخراو.(باختین: 1986: 269). واتا هەریەك خاوەن دەنگی خۆیەتی، جگەلەوەی هێزو پێگەو توانای دەقنووسمان بۆ یەکلادەبێتەوە، کە زاڵە بەسەر هەڵویستی مۆنۆلۆگ.

جگەلەوەی بەبۆچوونی باختین یەکێك لەسیما گرنگەکانی گفتوگۆ لەدەقئاوێزاندا بەرجەستەدەبێت، لەبەر ئەوەی لەدوایی بوونی "ئادەم" هیچ شتێك بێناو و وشەی تایبەت بەخودی شتەکە نەمایەوەو هەموو گوتارێك گفتوگۆ لەگەڵ ئەو گوتارانە دەکات کە هەبووەو دێت. وە ئەم پاڵپشتییەی بە ئازادبوونێك لەراقەی رۆشنبیری نوێ دانا، کەوا لەکۆی ئەو گوتارانە پێکدێت و وەزاکیرەی دەستە جەمعی دەپپارێزێت. ئەمەش ئەو گوتارانەیە کە دەبێت هەر تاکێکی قسەکەر"قسەکەر-نێرەر" بەپێی ئەو پێوەرەی هەیەتی پێگەی گوتاری خۆی دیاریبکات.(هيئة الموسوعة العربيه: 2001: 546).

ئەمە بەرفراوانی چەمکی گفتوگۆ لەسەرجەم بواروکایەو ئاراستە هونەریەکان لەمیانەی فرە بەرپرسیاریەتی و کارایی وچالاکی ئاوێتەبوونی لەگەڵ رەگەزو توخمەکانی ترو گواستنەوەی زانیاری و بەهای فیکری و روحی و دەروونی ودیاریکردن وئاشکراکردنی شوێنکات وڕووداوەکان وکەسییەتی کەسایەتی کاراکتەرو ئەکتەرەکان، هەروەها رووداوەکانیش بەرەوپێشدەبات. واتا گفتوگۆ کاریگەری لەگۆڕینی بیرو ئاراستەکاندا هەیە؛ چونکە هەر قسەو کردارێك پەرچەرەکرداری ئایدیۆلۆژین وخاوەن دەنگی خۆیانن و نووسەر ناتوانێت لەهەموو بارێکدا بیرۆکەی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێت، لەبەرئەوەی لەهەندێك بارودۆخدا کاراکتەر لەنووسەر هەڵدەگەڕێتەوەو بیرۆکەی نوێ دەهێنێتەکایەوە، هەر لەبە ئەم هۆکارانەیشە ناتواندرێت درك بەواتای تەواوی رستەکانی گفتوگۆ بکرێت تەنیا لەمیانەی بەستنەوەو لێکدانەوەی بەشەکانیان بەیەکەوە نەبێت؛ لەم بارەیەوە رافیندان دەڵێت: ((کە دەڵێن: تۆم کەمێك مانگۆی "مانج" خوارد، یاخود: ئایا کەمێك مانگۆی "مانجا" خوارد؟. رستەی یەکەم هەواڵییە، لەکاتێکدا رستەی دووەم پرسیارییە، دەتوانرێت رستەی دووەم بەگوێزانەوە دابنرێت لەرستەی یەکەمەوە.))(رافیندان: 2002: 19). دەکرێ بنیاتی واتا بگۆڕدرێت لەمیانەی ئاڵوگۆڕی پەیوەندی نێوان پێکهاتەی بەشەکانی رستەدا؛ چونکە هەر ئەم نموونەیە کە رستەی یەکەم هەواڵیەو بەڵگەدارە کەوا کارەکە تەواوبووە، لەکاتێکدا رستەی دووەم پرسیارییەو نەسەلمێنراوە لەوەی ئایا کارەکە روویداوەو تەواوبوو یان روونەداوە؟ وە لەڕووی کاتیشەوە رستەیەکی رابردووە، بەو واتایەی لەرێی یاسا

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**[://sjh.univsul.edu.iq/](https://sjh.univsul.edu.iq/), **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12559]
- **Submission Date:** [26/04/2026], **Revised Date:** [26/04/2026], **Accepted Date:** [12/07/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

زمانیەکانەوە پەیوەندی نێوان وشەکان و بەرهەمهێنانی رستەی نوێ لەرێی بەرهەمهێنان وگوێزانەوەو پێکهاتەی گفتوگۆدا دێتەکایەوەو مەبەست دەپێکێت.
ئەم دینامیکیەتەی گفتوگۆ لەسەرجەم گفتوگۆ هونەرییەکاندا "شانۆ، چیرۆك، شیعر، رۆمان، سینەما..." هەبوویەکی هەبووەو زیندویەتی و ژیاری زمان لەوەی بوویەکی زیندووەو هەر وشەیەك چەندین واتا لەخۆیدەگرێت بۆیە ((دابڕین لەنێوان رستە و بەهاو سەنگ وباری ئایدیۆلۆژیەتەکەیدا دەلالەتی وشە رەتدەکاتەوەو دەبێتە ئاماژەیەکی رووتەڵەك، دوایی ئەوەی ئاماژەیەکی زمانەوانی بوو،و وشە پەیوەستبووە بەخۆیەوە بەبێ ئەوەی بەرهەڵستی قسەکەرەکانی بکات؛ وەکو ئەوەی زمان توانای هەبوونی خۆی هەبێت بەدابڕاوی لەقسەکەرەکانی.))(دراج: 2002: 67) ئەمە جیاوازی نێوان گۆکراو و واتاو ئایدیۆلۆژیا دەخاتەڕوو کە چەندە بەیەکەوە پەیوەستن.
لەگەڵ ئەوەی هەندێك دەڵێن؛ ئەرکی گفتوگۆ لەنێوان ژانرە هونەرییەکان"خوێنراوە-بینراو" جیاوازن، لەرۆماندا وشەیە، لەشانۆ گفتوگۆیەکی زیندوو" رووبەڕوو-بەرانبەر"، لەسینەماد وێنەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی گەیاندنی گفتوگۆ لەو ژانرانە لەگەڵ ئەم بۆچوونە یەك ناگرێتەوە لەوەی ((گفتوگۆ لەڕووی پەیوەندی بەستنەوەی کاراکتەری چیرۆك و رووداوەکانی بەرۆمان وچیرۆك وفلم ونواندن-التمثیل لەمەسەلەیەکی بنچینەییدا وێکدەچن ئەویش: گفتوگۆ کارو ئەرکی کاراکتەرە، ئەگەر کاراکتەرە کە بناسیت، گفتوگۆکانت بەتەنیشت چیرۆکەکەتەوە بەهەڵقوڵاوی بەرەو پێشدوچێت و هەوڵی پێشخستنی رووداوو دۆزینەوەی ململانێیەکانی نێوان کەسایەتییەکان و خستنەڕووی رووکاری رەفتارو کرداری ویژدانی وهەڵچوونیان دەخرێتەڕوو.))(عبدالسلام: 1999: 27). بەو واتایەی هەرچەندە لەلایەن کاراکتەر-ئەکتەرەوە ئەنجامدەدرێت، بەڵام لەژانرێك تا ژانرێکی دیکە جیاوازە، بەڵام لەهەندێك بارودۆخدا کاراکتەر-ئەکتەری هەڵگەڕاوە هەیەو ئاراستەی رووداوەکان بەرەو لایەکی دیکە دەبات، لەوانەیە کاریگەری لەسەر ژیانی واقیعی خەڵك هەبێت، یەکێك لەو نموونانە هونەرمەندی میسری عادل ئیمام لەشانۆگەری (گەواهیدەری هیچی نەدیتوو –شاهد مشفشیی حاجە) لەکاتی دادگایەکەدا لەقازییەکە دەپرسێت لەوەی کۆتا تونێلی عەباسییەی دیوە، قازییەکە، لەوەڵامدا دەڵێت: بەڵێ دەزانم، عادل ئیمام دەڵێت، دوکانێکی قامیشی شەکری لێیەو ناخۆشە، لێ مەخۆوە. ئەم وتووێژە ئاساییە، بەڵام ئەوەی جێ سەرنجە؛ ئەم دوکانە هەبووەو شەربەتی قامیشی شەکرەکەی ناخۆشبووەو کابرای خاوەن دوکان ویستوویەتی سکاڵا لەسەر عادل ئیمام بنووسێت، بەڵام دواتر پەشیمان دەبێتەوە، چونکە لەڕێی ئەم قسەی عادل ئیمامەوە خەڵکی شاری قاهیرە سەردانی دوکانەکە دەکەن بەمەبەستی تاقیکردنەوەی شەربەتەکە هەرچەندە ناخۆشە، دواتر خاوەن دوکانەکە ناووناوبانگی لەمیسر بڵادەبێتەوە لەگەڵ ئەوەی شەربەتەکەش ناخۆشە. لێرەدا ئەوەمان بۆ روونەبێتەوە هاوتای داهێنانی دەقنووس، هەندێك ئەکتەر توانای داهێنانیان هەیە و رەوتی رووداوەکانیش بەپێ هونەری خۆی "رۆمان-سینەما" بەرەو پێشەوەدەبن وبیرۆکە تازەو نوێ بەدەقنووس دەبەخشن. لەپاڵ ئەم وێکچوونەی ئەم دوو بوارە، جیاوازی نێوانیان لەڕووی ئەرك وسیما وزمان لەم هێڵکارییەی خوارەوە دەخەینەڕوو

| بوار | رۆمان | سینەما |
|---|---|---|
| ئەرك | گەشەپێدان و پێشخستنی رووداوەکان ودۆزینەوەو خستنەڕووی کەسایەتی کارەکتەر | پاڵپشتی وێنەو بنیاتی واتا لە دیمەندا |
| سیما | درێژ و وردکاری و هەندێکجار ئاڵۆز، وەسفێکی وردی گێڕانەوە، رێگەدەدات بەچوونە نێواخنی کەسایەتییەکان، هەست و بیری بەڕوونی دەخاتەڕوو. | کورت و ئاسان، پشت بە ئاماژە تاوەکو وشە، وێنەو دەنگ وجوڵەلەگفتوگۆ تەواوکەری یەکترین، هەندێکجار بێدەنگی بەشێکە لەگفتوگۆ، دەقنووس دەستبەرداری وشە دەبێت، چەندیەتی وچۆنیەتی دەنگ لەڕووی بەرزی-نزمی-هەڵچوون... |
| زمان | واقیعیە | ئاماژەییە |

( 1 ) جیاوازی گفتوگۆ لەنێوان رۆمان و سینەما

واتا دەکرێ بڵێین ژانری رۆمان: گفتوگۆ+گێڕانەوەیە، هونەر سینەمایش: گفتوگۆ+وێنەیە. بەڵام ئەوەی پێویستە لەبەرچاو بگیرێت لەرووداویکی بینراو وبیستراو "سینەمایی"دا ئەکتەر دەبێت بەشێوەیەك قسەبکات، قەناعەت بەوەرگر بهێنێت و رازیبکات، وەك ئەوەی لەژیانی رۆژنەدا قسەدەکات، چونکە ئەگەر دەقنووس ئەم لایەنەی فەرامۆشکرد، ئەوا لایەنێکی گرنگی هونەری کارەکەی فەرامۆشکردووە، ئەمەش بەپرسیاریەتی چالاکی گفتوگۆمان بۆ یەکلادەکاتەوە، تەنیا پڕکردنەوەی شوێنی بەتاڵ نییە، بەڵکو خستنەڕووی رروکاری هونەری ژانرو خودی دەروون و روحی کەسییەتی کەسایەتی کاراکتەر-ئەکتەرەو خوێنەر لەبێزاری دوورخاتەوەو چالاکی بەدەقەکە دەبەخشێت.

سەبارەت بەجۆرەکانی گفتوگۆ لەهونەری سینەمادا هەمان جۆرەکانی گفتوگۆی ژانری رۆمانە، بەڵام لەسینەمادا لەڕووی گۆکردنەوە دوو جۆری بنچینەیی گفتوگۆمان هەیە:

1- گفتوگۆی تاك.
2- گفتوگۆی دووانەیی – دوو قۆڵی.

ئەو شێوە دابەشکردنە هاوشێوەی جۆرەکانی دابەشکردنی گفتوگۆیە لەرۆمان وچیرۆك وشانۆنامەدا، بەڵام گفتوگۆی تاك لەسینەمادا رووکارێك یان سیمایەك جیایدەکاتەوە؛ ئەویش بەزۆری بەستراوەتەوە بەفلمە بەڵگە نامەیەکان، کە لەکاتی نمایشکردنیدا، قسەکەرێك لەدەرەوەی بینگەدا-الشاشة زانیاری هاوتای بینراوەکان پێشکەشدەکات... پێویستە ئەو لێدوانانەی پێشکەشدەکرێت لەوێنەکەدا بوونی نەبێت، یاخود لەفلمە زانستیەکاندا ئەم شێوازە گرنگە بۆ جەختکردنەوەو بەستنەوەو گواستنەوەی پێویست لەنێوان کاتەکان"رابردوو،و ئێستاو داهاتوو"و لێدوانی فەلسەفی و مەعریفی لەنێوان رووداوەکاندا، لەمیانەی بینراوەکان لەکاتی رابردوو،و لەکاتێکدا لێدوانی دەنگی قسەکەر ئێستایە، ئەمە شێوەی دەرەکی

گفتوگۆی تاکە لەهونەری سینەمادا، لەهەمان کاتیشدا شێوەی دیکەی گفتوگۆی خۆدواندن-ناوەکی، بە Soliloquy ناسراوە، تیایدا ئەکتەرلەگەڵ خودی خۆی بێنەوبەر، وتووێژ، تاوتوێی...دەکات. سەبارەت بەگفتوگۆی دووانەیی لەهونەری سینەمادا هاوتای دیالۆگ Dialogue لەئەدەبدا؛ گفتوگۆیەکی دەرەکی دیارەو دوولایەن تیایدا بەشداریدەکەن وتایبەتمەندی لەوەدایە، کەوا بەدەنگەوەهاتنێکی تایبەتی لەگەڵ کارتێکەرو کەرەستە سینەمایەکاندا هەیە.(عبدالسلام: 1999: 27-28). دەکرێ بڵێین گفتوگۆ لەهونەری سینەمادا زمانی ((کردارو جوڵە، چەك، ئامرازی دەسەڵات، فریودان و زەمەن، ململانێ نێوان لایەنگرانی وشە و وشەی بەسەرچووە.))(توروك: 2014: 209)و مشتومڕێکی بێوچان لەنێوانیاندا بەبەردەوامی هەیە، لەوەی کامیان باڵادەستە، بەڵام ئەگەر چاوێك بەژیانی رۆژانە یان هونەرییدا بخشێنین دابرانی جوڵەو قسە لەیەکتری کارێکی زۆر سەمەرەیە، لەبەرئەوەی ئەکتەر لەمیانەی جوڵەو قسەو ئاماژەی جەستەییەوە بیروبۆچوونەکانی خۆی دەگەیەنێت، لەم بارەیەوە فیدیر دەڵێت: ((بارودۆخی شانۆ وشە دەیخولقێنێت، بەڵام لەسینەمادا پێویستە وشەکان لەبارودۆخێکەوە هەڵبقوڵێن ... بۆیە دیمەنێکی فریودان و وروژێنەری وشەیی "وادەکەم و زۆر پێویستە - گرانترە لەنووسین ووێنەگرتنی فلم" لەگفتوگۆی نێوان ئەکتەرەکان.))(هەمان سەرچاوە: 211-210).

بەپێچەوانەی زمانی ئەدەبی خاوەن زمانێکی وشەیەو نووسەری لێهاتوو،و داهێنەر ژیان دەخاتەبەر وشەکان و وا لەخوێنەر دەکات قسەو باسوخواز لەگەڵ کاراکتەرەکاندا دەکات. ئەمە تایبەتمەندی گفتوگۆی هونەرییە، کەوا پەیامی دەقنووس و هاوکێشەی دەنگی فیکری وزەینی و مەعریفی دەخاتەڕوو، کەوا مایەی رامان وپرسیارو راڤەو لێکدانەوەبێت ولەو پێناوەدا دەقنووسیش چ زمانێکی هەڵبژاردووە "زار، بن زار، ستاندەر، تێکەڵ لەنێوان ئەم جۆرانە" بۆ ئەوەی بتوانێت بۆشایی وکەلێن وکەلەبەری نێوان کاراکتەر-ئەکتەرەکانی جیهانی دەقەکە لەلایەك وخوێنەرو جیهانی واقعی لەلایەکی دیکەوە پڕبکاتەوە، بۆیە دەکرێ بڵێین سەرکەوتوویی رەگەزی گفتوگۆ "ژانری رۆمان، هونەری سینەما، هونەری شانۆ" پێویستە لەو ژێرخانەوە سەرچاوەی بگرێت، کە نابێت لەئاستی وەرگر بەرزتربێت، بەڵکو بەشێوەیەك بێت لەخزمەتی دەقەکەدا بێت بۆ ئەوەی بەئاسانی پەیامەکە بگات، بەڵام لەپاڵ ئەوەشیدا جۆرەکانی خوێنەر بەگوێرەی ئاستی خۆیان پێشوازی لێدەکەن و شەنوکەوی دەکەن.

## تەوەری سێیەم: جۆرەکانی گفتوگۆو لەڕووی رۆڵ وئەرکدا

سەبارەت بەجۆرەکانی گفتوگۆ چەند جۆرێکە، لەوانە:

1- **گفتوگۆی دەرەکی**:گفتوگۆیەکە لەنێوان دوو کەس یان زیاتر دێتەکایەوە، ئەگەر دەنگی تریش بوونی

هەبێت ئەوا لەرێی ئەوانەوە گێڕانەوەی بۆ دەکرێت. ئەم جۆرە گفتوگۆیە لەدەقی خوێنراو وبینراودا هاوتان، بەڵام ئەوەی جێگەی ئاماژەپێکردنە ئەم رەگەزە هونەرییە لەژانری رۆماندا تایبەتمەندیەکی هەیە، لەنێوان دوو جۆر پێشکەشکردندا ئەوانیش: گفتوگۆی راستەوخۆ و گفتوگۆی ناراستەوخۆ. کە دەقنووس لەڕێی وشەو رستەکاندا بیروبۆچوونی کەسییەتی کەسایەتی کاراکتەرەکان لەڕووی کۆمەڵایەتی وبیروباوەڕو کلتور...هتد لەنێوان زار وبن زار یان زاری تێکەڵاو لەشێوەی ئاسایی و هونەری دەچنێتەوە، چونکە ((هونەری گفتوگۆی راستەقینە، ئەو سەرنجە لەخۆدەگرێت کەوا وتووێژی هیچوپووچ بارودۆخێکی زۆر بەهێز لەپشت خۆی دەشارێتەوە.))(توروك: 2014: 213)، بەڵام هونەری سینەما پشت بەگفتوگۆی راستەوخۆی دووانەیی دەبەستێت، گفتوگۆی ناراستەوخۆ جارجارە لەفلاشباگ پشتی پێدەبەسترێت، چونکە سینەما هونەرێکی بینراوی راستەوخۆیەو ((گفتوگۆ شتێك دەڵێت و وێنە شتێکی ترمان پێدەڵێت... لەژیاندا شتەکان بەم شێوەیە بەڕێوەدەچن، خەڵك گوزارشت لەقوڵترین بیرۆکەکانیان ناکەن، بەڵکو هەوڵی خوێندنەوەی وتووێژکاران دەدەین لەکاتی وتووێژیاندا. زۆرینەی کات وتووێژی ناپەسەندو گەوجانە ناکەن، بەڵکو لەشتی وردو قووڵ دەگەڕێن... ئەم ئەرکە، گفتوگۆی لەمیانەی ژێر ئەسپی پێدەگوترێت Under the Horse...جۆرە تەکنیکە پەیوەندی بەشاردنەوەو پێچوپەناوە هەیە understatment جۆرێکە لەلاواندنەوە-نەرمی Litoteتایبەتە بەئەنگلۆساکسۆنیەکان... نووسەری سیناریۆ لەجیاتی ئەوەی دیمەنێکی سۆزداری باو لەمیانەی "دەزانیت چاوەکانت جوان!" وتووێژی نێوان ئەکتەرەکاندا، لەوەسفکردنی ئەسپەوە باس لەهەستو سۆزی خۆی دەکات.))(هەمان سەرچاوە: 2014: 214) بەو واتایەی لەمیانەی گفتوگۆکەدا دەقنووس دەست بەکۆمەڵە هۆکارێکی دیکەی وەکو "تۆنی دەنگ، ئاماژە، زمانی جەستە، تەکنیکی خواستن، جلوبەرك..." هەیە، کە هاوشێوەی واقیعێك بەپێ پێویست دیمەنەکان دەخاتەڕوو،و وەرگر سەرپشك دەبێت لەچۆنیەتی وەرگرتنی زانیارییەکان وچێژوەرگرتن لەدیمەنەکە، ئەم شێوازانە یارمەتیدەری دەقنووس دەدات بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئاسایی بیروبۆچوونی بەشێوازی گێڕانەوەوە دیاربێت، لەوانە:

لەفلمی (ژانی گەل)دا یەك رستە لەدووبارودۆخی دژیەکی ئایدیۆلۆژیای جیاوازەوە دووبارە دەبێتەوە: دۆخی یەکەم گفتوگۆی جوامێر و ئاسۆ مەمەند و هاوڕێیەکانی کە لەماڵی کاوە برایم کۆبوونەتەوەو کات بەسەردەبەن. جوامێر لەبەسەرهاتی گێڕانەوەی ماوەی "10"ساڵ زیندانیەکەیداو لەباسی ئەشکەنجەدان و لێپێچینەوەیدا، لە خولەکی "49/46 – 53/20" فلمەکدا، "لەرۆمانەکەدا ئەم گفتۆگۆیە لەنێوان (ل 128-138)گرتۆتەوە" سەرەتا ئەفسەری لێپێچینەوە بەدەنگێکی نەرم وئاسایی وچەند بەهێمنی و پیاهەڵدان پێ مامەڵەی لەئاستیدا دەکات، بەڵام جوامێر بەردەوام بەدەنگێکی باوەڕبەخۆبوو،و هێمن و نەرم جارجارەیش بەبێتاقەتی یەك وەڵامی هیچ نازانمی دەداتەوە، ئنجا ئەفسەرەکە هەڵسوکەوتی توندوتیژی خۆیانی نیشاندەدات وشەڕی دەروونی و ویژدانی لەگەڵ دەکات؛ لەوەی هەندێك لە خۆپیشاندەرە شۆڕشگێرەکان گیراون ودانیان بەچالاکی و کارەکانیان هێناوەو ئازادکراون. لەپاڵ ئەویشدا بەدەنگێکی هێمن تەئکیدی لێدەکردۆتەوە کەوا گوتوویەتی:

دیسان بیری لێ کەرەوە، لەوانەیە هەلی وات بۆ هەڵنەکەوێ... باشتر وایە رێککەوین.. ئەویششش

لەسەر ناوی گروپەکەتان، جێ خۆشاردنەوەتان، ناوی ئەو کەسانەی یارمەتیتان ئەدەن، هەر هەموویم بۆ بنووسە...........ئەگەر معلوماتێك یان بەڵگەیەکیش هەیە لەسەر ئەو دەوڵەتە بیانیانەی کە هاوکارن لەگەڵیان! ئا ئەوەشم بۆ بنووسە، منیش بەهەموو شێوەیەك یارمەتیت ئەدەم.


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**[://sjh.univsul.edu.iq/](://sjh.univsul.edu.iq/), **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12559]
- **Submission Date:** [26/04/2026], **Revised Date:** [26/04/2026], **Accepted Date:** [12/07/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

هیچ شتێکی تازەترم نییە بیڵێم، ئەوەی کە هەیە لەپێشتر وتوومە، من بێتاوانم



1



2

دۆخی دووەم: لەخولەکی (79/4 – 83/42) فلمەکدا، "لەرۆمانەکەدا ئەم گفتوگۆیە لەنێوان (ل200-212)ی گرتۆتەوە" گرتنی جوامێر لەلایەن (ل.ئ.ن)، لەو کاتەی روو لەگوندی گوڵان دەکات بەمەبەستی گەیشتنەوەو یەکگرتنەوەی لەگەڵ خێزانەکەیدا. لەفلمەکەدا لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەستبەسەردەکرێت لەوەی بەمەبەستی شۆفاریکردن –جاسوس دزەی کردۆتە نێو ریزەکانی شۆڕش، بۆیە کاتێك دەیبەنە بەردەم دادوەری شۆڕش بۆ لێپێچینەوە، کە بۆچی هاتوتە سەنگەرەکانی پێشمەرگە بەبێ ئەوەی هیچ مۆڵەتێکی رێکخستنەکانی ناو شاری پێ بێت رووی لەناوچە ئازادەکان کردووە ، بۆیە دادوەرەکە بەدەنگێکی بەرزو کەمێك هەرەشەو تورەییەك قسەی لەگەڵ دەکات، لەکاتێکدا جوامێر هەروەك جاری جاران بەهێمنی بێتاقەتی وەڵامی دەداتەوە. دادوەرەکە پێدەڵێت:

- من ئیشوکارم زۆرە ، تاقەتی گوێگرتنی ئەم قسانەی تۆم نییە، بۆ خۆشت واباشترە کە راستیەکانمان پێ بڵێی: سەر بەکێ؟ چەند رۆژە لەم ناوەی؟ کێ لە نێوانتانایە؟
- ئێ خۆ من درۆتان لەگەڵا ناکەم، ئێی منیش وەکو ئێوە کوردم!
- بەڵێ، بەڵێ ئەزانم کوردی، ئەوەی کە کێشەکە زیاتر ئەکا، ئەوەیە کەکوردی، پێت نەوتین چی ئەکەی لێرە.



1



2

ئەوەی جێگەی رامانە دەسەڵات؛ هەر دەسەڵاتێك بێت زۆردار یان خاوەن ماف، لەئاست هاوڵاتیەکانیدا بەگومان و ترسەوە لێدەڕوانێت، چونکە ویست وئارەزووی کەسەکان بۆ دەسەڵات لەهەر کات وشوێنێك بێت تەنگ بەئایدیۆلۆژیەتی بەرانبەرەکەی هەڵدەچنێت، بۆیە دەکرێ بڵێین هەرچەندە ((ململانێکانی مێژوو ململانێی جیاوازە، بەڵام جەوهەرەکەیان یەك شتە. هەموو ململانێ کەرەکان دەیانەوێت ئەو لایەنەی تووشی ململانێ بوون لەگەڵیدا یان بێدەنگ بن، یان بیگرن یان بیانکوژن. ئەگەر ئینسان دوژمنەکەی بەشێوەیەکی مەتریالی نەکوشتبێت ئەوا هەوڵی ئەوەی داوە رۆحی بکوژێت. بەشێوەیەك بیترسێنێت کە نەیەوێت جارێکی دیکە لە بەرامبەریدا هەڵبستێتەوە.))( فرۆید: 2007: 16-17). تا ئەو رادەیەی، ئەگەر کەسێك باوەڕی بە گەوهەری جەوهەری خۆی نەبێت گومان لەبوونی خۆیدەکات.

بەڵام ووردبوونەوە لەم دوو دۆخی گفتوگۆیەدا خوێنەر دەکەوێتە بەردەم بەرداشێك، کاتێك دەرهێنەر لەلێپێچینەوەی ئەفسەری دەسەڵات لەگەڵ جوامێردا شێوەیەکی فەرمی بەلێپێچینەوەکە پێبەخشیوە؛ لەبەرانبەر یەکتری دانیشتوون و لەیەك ئاستدان و رووبەڕوون، دواتر هەڵویستی گۆرانکاری بەسەردا "تووندوتیژ " کاتێك جوامێر دان بەهیچ شتێك نانێت. لەکاتێکدا لەبارو دۆخی لێپێچینەوەی دووەمدا؛ دادوەرەکەی شۆڕش بەپێیەوە وەستاوەو جوامێر دانیشتووە، جگە لەوەی بەدەم پشتێن بەستن و رێکخستنی خەریتەی دەمانچەکەی و تووندکرنەوەی پووزەوانەکەیەتی "ئەمە جۆرێك لەبێریزی و بەکەم سەیرکرنی بەرانبەر دێت، جگە لەنەبوونی ئەتەکیتی دادوەر، وانیشاندەدات کەسێکە لەبنچینەدا دادوەر نییە، بەس کارەکە بەرێی دەکات"، ، بەو واتایەی لەگەڵ خۆ کۆکردنەوەو خۆ حازرکردنی خۆی؛ وەك ئەوەی لەشوێنێك گەڕابێتەوە شوێنەکەی و بەهەڕەمەکی لێپێچینەوە لەگەڵ جاسوسێك دەکات. ئەم دیمەن و گرتەو گفتوگۆیە جۆرێك لە نەبوونی یاساو شپرزەیی لەنێو پێشمەرگە نیشان دەدات، لەکاتێکدا شۆڕش بۆ چەسپاندنی یاساو هێنانەکایەی ئاسۆیەکی نوێیە کەوا دادپەروەری بێتەکایەوە. جگە لەوەی لەکۆتایی لێپێچینەوەکە نەرمونیانی دەنوێنێت.

ئەم گومان لەبەرانبەر وخودی گومان لەخۆکردن و گەڕان بەدوای ناسنامە تەنگی بەکاراکتەرەکانی دەقی (شەوانی ئادەم) هەڵچنیووە تا ئەو رادەیەی لەکاتی ناسینی کەسێکدا بەپێ ئەو بارودۆخەی رووبەڕوویان دەبێتەوە ناوی خۆیان بگۆڕن وهەرجارەی هەڵگری ناسنامەیەك بن. ئەوەتا هیوا "مەردۆخ – ئادەم" ناو، لەبەر شەڕی ناوخۆ؛ دایکە رەنج بەبابردووە دڵ سوتاوەکەی، کەرۆڵەکانی ئەنفالکرابون؛ لەکاتی کرنۆشی نوێژدا جێهێشتبوو،و سەری خۆی هەڵگرتبوو بۆ شوێنێك، ئەگەر نەشیدۆزێتەوە هەر گەیشتنە بەشوێنێك، بۆیە کەدەگاتە کۆشکی پیاوان، ژینۆ بەدەنگێکی سەنگین و هێمنی خاوەن ماڵ لەناوی دەپرسێت لەوێدا"کۆشکی پیاوان" هیوا بەدەنگێکی پڕ گومان وئاهێك لەدڵیەوە، کەخۆی بە مەردۆخ دەناسێنێت. ژینۆ پێدەڵێت: (

- چۆن گەیشتۆیتە لامان، بەچ رێگەیەکی دونیا هاتویت و ئالێرە گیرسایتەوە؟!
- قوربان لەئاواییەکانی ئەو بەرچیای مەرجی مەتەڵی سێسەرەوە هاتووم، قوربان لەرێی وشك وگوزرنەبێ، چاوم بەتەڕایی نەکەوت. جەنابت مەرجی مەتەڵی سێسەرە پێئەزانی؟
- نەخێر. ئێمە هیچکۆی پێنازانین، برواش ناکام کەس ئێرە پێبزانێت! هەر ئەشبینی، ئێرە نەئاواییە، نەگوندو بێگومان نەشارو شارۆچکەشە! ئێرە ئێرەیەو هیچی ترنا.)(ل14).

دەکرێ بڵێین ئەم بێنەوبەرە بەیەکتریکردنە هاوتەریبی گومان و دڵەڕاوکێ؛ وشیاری و زرنگی و تاڕادەی گاڵتەپێکردنیشی پێوەدیارە، کەسیان ناوی ناوچەکە نابەن، مەتەڵی سێسەرەیش بەمەتەڵی توونی بابا دەچێت " مەتەڵەکە: توونی بابا نەوەت و نۆ دەرە، تا ئێستا نەمبینیوە بنیادەمی دووسەرە" مەردۆخ سەری سێەمیش زیاددەکات وگوێ بەئاراستەکانی باکور-باشور-ڕۆژهەڵات-ڕۆژئاوا نادات، ئەمەش وەکو هێماو ئاماژەیەك هیچکۆییەك ئاوەدان نییەو وێرانەیە، بۆیە بەدوایی شوێنێك دەگەڕێت هاوشێوەی پەنجەمۆرێك بیکاتە ناسنامەی خۆی، لەبەر ئەوەی مرۆڤ پەیوەستە بەشوێنەوە، کات وکەسەکان دەگۆڕێن، بەڵام شوێن دەمێنێتەوەو دەبێتە ژێرخانی ناسنامە. هەروەك ژینۆ دەڵێت: )(هەر جێیەك نهێنی خۆی هەڵگرتووەو بەو شێوەیە ناوی لێنراوە، ئەوەندە بەسە پێت ڕابگەیەنم، کەهەر کەسێ خۆی گوم بکات، ڕێی ئەکەوێتە ئێرە، لیرە تەنها خەڵکێکی لێن، پێشتر ون ببوون. دواجار هەرچی شوێنی سەر ئەم گۆی زەوییەیە، ئاوها دۆزراوەتەوە، کەسێك گەڕاوە بەدوای خۆی ولەتاواندا سەری هەڵگرتووەو لەبری ئەوەی خۆی بدۆزێتەوە شوێنێکی دۆزیوەتەوە. هەر ئەبێ ڕۆژێك لەڕۆژان هەموو بستێکی ئەم خاکەش بپشکنرێ و خەڵکێکی لێ نیشتەجێ ببن و ناوی بنێن.)(ل15). ئەم سەرگەردانی وگەڕان بەدوای ناسنامەی شوێنێك هاوشێوەی ڕووداوەکانی پێغمەبەر (ئادەم)(ر.ر)، کە لەدوای ئەنجامدانی تاوانەکانی وپەشیمان بوونەوە لێیان، "جگە لەقورئانی پیرۆز"بەدرێژایی مێژوو ،گێڕانەوەی زۆری بۆکراوەو دەقنووسیش لەروانگەی وجودییەتەوە دەلەلاتی خۆی خستۆتەڕوو، کە یەکێك لەکاراکتەرە سەرەکییەکانی ناوی "ئادەم)و لەدوایی پەشیمانی و خۆدۆزینەوەی بەدوای ماڵێك دەگەڕێت،کاتێك سەکینە دەبینێت؛ چونکە مرۆڤ تاسەر بەرگەی تەنیایی ناگرێت

هەر لەبەردەوامی چەرخەی گومانەکانی مەردۆخدا، کە لەنێوان سەرسامی و ئاڵۆزی خواست وخەیاڵەکانی پەنگی خوادۆتەوە، دەقنووس لەگفتوگۆیەکی ڕاستەوخۆی ناسین وشیکردنەوەو لێکدانەوەدا زۆر بەوردی هاوشێوەی دیمەنێکی سینەمای گرتەکانی تۆمارکردووە؛ لەو کاتەی ژینۆ پێی ووتبوو کەوا سبەی شەو لەگەڵ ئادەمدا گفتوگۆدەکەن ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە دوای مۆڵەتی میواندارێکردنی پاساری، کەچرایەکی ڕۆنی بەدەستیەوەبوو هاتە ژوورەکەی ومەردۆخ پێشوازی لێکرد. وتووێژێکی جیاواز وچڕ، سەبارەت بەپێکهاتەی بوونی مرۆڤ لەنێوان کامڵبوون و نێرەمووکیدا دێتەکایەوە، کەتاکوترا قسەوباسی زانستی لەڕووی چەمك و زاراوەوە لێوەدەکرێت تاوەکو لەلایەنی کۆمەڵایەتی ودەروونی کۆمەڵیشدا ڕامان و پرسیارگەلێکی بێ وەڵامی لێدەکەوێتەوە لەم بارەیەوە پاساری بەدەنگێکی باوەڕ بەخۆبوونەوە دەڵێت:

(ژیانی کەس وەك هی من نییە، هەر لەوساتەوەی پێناسەی لەشی ئەکرێت، لەگەڵیشیا جەنگێك دەست پێ ئەکات. جەنگێك دژی ئارەزوو وحەز دژی دەرەوە لەگەڵ ئەم جۆرە جەنگە تەنها دەرگای سینەماو ماڵەوە داناخرێت وهەموو کتێبەکانی فێربوونی وانەکان نابنە التربية القومية. بگرە هەر دەرگا نامێنێ تالێت روون بێت دەرچوونێك هەیە یان نا.)(ل 93).

بەڵام بۆ پاسارییەك دوای سەرگەردانی ونامۆبوونی لەکۆمەڵداو گەیشتنی بەئێرە"کۆشکی پیاوان" لەناسنامەی خۆی یەکلاببۆوە، بەتایبەتیش کەباسی ڕۆڵی ئادەمی بۆ دەکات چۆن ڕێنوێنی کردووە بەهەردوو جۆر خۆی بنووسێتەوەو خۆی بدۆزێتەوە، چونکە مرۆڤ کاتێك بەدوای شتێك دەگەڕێت؛ سەرەتا بۆ وشە دەگەڕێت بۆ ئەوەی گوزارشتی پێبکات، کەچی لەناو ڕستەکاندا ناو لەشتەکان دەنێت وجیهانی خۆی دەدۆزێتەوە، بۆیە لەنێوان جیهانی ئەوان وئەودا دەڵێت: ( ئێمەومانان بۆ ئەوان مایەی تاقیبکردنین... ئەو هەموو وەختەی خوا پێداون و نازانن بەچی بەسەری ببەن، بەئێمە ئەیکوژن... خۆشترین گەمە ئەوەیە هەر بمێنێت. تاکو بتوانن یاریی نوێ لەسەر داهێنن... هەر ئالێرەشدا، چی سنوری دەوڵەمەندو هەژارە، ئەسڕدرێتەوەو ئێمە ئەبینە چینێك لەنێو هەردوولادا. ئەبینی کە هۆشمەندەکانی دونیاش بەباشی بیریان لەم جۆرە چینە دەگمەنە نەکردۆتەوە! پاشان کەسێکم لەخۆتان بۆ بهێنە، کە لەگەڵ خۆی تەبا بێت، ئێمەومانان لەتاقە شتێکا لەگەڵ خۆمان وئەوی تریش تەباین.(ل 87).

پاساری بەناراسەوخۆ باسی لەبەهەردانی کات و ڕامانیان بۆ بەرانبەر لەلایەن کەسانی تێنەگەیشتووەوە دەکات و لەئێستادا ڕقی لەکەسیان نابێتەوە بەتایبەتی ئەو ساتانەی یادەوەری منداڵی بیردەکەوێتەوە. ئەم بەراوردکردنەیشی لەهاوکێشەی "نێرومێ) ڕەش وسپی، ناوچەی خۆڵەمێشی لێهاتۆتەکایەوەو گوزەرکردنیش لەم ناوچەیە خۆڕاگری و وریایی وئارامی وئاگایی و لێنەسڵیمێنەوە دەوێت لەکاتانەی لەناوچەی سپی گوزەردەکەیت بەبێ گوێدانە ڕەشەکەیو بەپێچەوانیشەوە، کەوا کەسانێکی کەم نەبێت لەم شێوە شەوگەردییە هەروەکو پاساری وتنی گوێچکە شەیتانۆکە تێناگەن، لەکاتێکدا مرۆڤایەتی لەنێوان گریمانەو بەرداشی سپی ورەش، ڕاست وچەپ بەبەردەوامی لەململانێیەکی بێهودەن جارجارنەبێت بۆ چەند ساتێك هاوکێشەکە هاوسەنگە. بۆیە ئەم کۆشکە باشترین ماڵ وپەناگەی ئارامی ودڵنەوایی ئەوە، کە توانیویەتی تیایدا دان بەناسنامەی خۆی بهێنێت وگو مانی لەخودی خۆی بڕەوێنێتەوەو متمانە بەبوونی خۆی بکات لەوەی بوویەکی هەبووەو هەیە.

ئەم بووی هەبووە لەدەقی (میرنامە)دا لەفەلسەفەی خانی پەنچەمۆری خۆی جێهێشتووە، لەوەی خانی بەبێ گوێدانە جیاوازی نێوان ئایین و پێگەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێك دۆست و هاوڕێ نزیك و ئازیزی هەبووە، دەقنووس شارەزاو لێهاتوو سوودی لەم بابەتانە بینیوەو لەمیانەی گێڕانەوەکانیدا لەنێوان واقیع وخەیاڵ، نووسراو وبینراودا کەزۆر بەوردی هاوشێوەی گرتەی سینەمایی وەسفی ژوورەکەو شوێنی شتەکان و ئاماژەی جەستەیی و فیکری کردوون و لەوێنەی واقیعیکی سادەی تەمۆ و ومەعریفەو فەلسەفەی خانی لەمیانەی ڕستەی سادەو کورتدا خستۆتەڕوو. یەکێك لەم دۆخانە لەگێڕانەوەی تەیموری فاسقە یەکلادەبێتەوە لەوەی خانی دەرمانخوارکراوە، چونکە ئەو ببووە مەترسی لەسەر دەسەڵاتی میر لەوەی داوای یەکگرتوویی نەتەوەیی وسەربەخۆیی دەکرد ، بەتایبەتی لەیەکێك لەوشەوانەی سەردانی ئەحمەدی خانی کردووە، لەگەڵ ئەوەی زۆر نەخۆشبووە، کەچی خەریکی نووسینبووە لەبەر ڕووناکی چراکەی، "چونکە خانی پێگووتبوون شیعر لەچرا نانووسرێت، بەڵکو بە تیشکیدانەوەی مەرەکەب دەنووسرێت"، لە(ل 33) ، بەڵام بەگەیشتنی تەمۆ نامەکەی تەواونەکردووەو پێچاویتیەوەو بەدەنگێکی پڕ لەحەسرەت وخەم وچاو پڕلەفرمێسك ڕووی لەتەیمور کردووەو "تەیموریش بەئاوازەی دەنگی سەرخۆشێکەوە وتوضژی لەگەڵ کردووە" وتووێژەی مەی لەگەڵ کردووە، لەوەی مەی لەفەرهەنگی ئەوان چییەو بەپێکەنینەوە پێووتووە کە ئەو مەبەستی

• **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
• **Journal Websitehttps**[://sjh.univsul.edu.iq/](https://sjh.univsul.edu.iq/), **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12559]
• **Submission Date:** [26/04/2026], **Revised Date:** [26/04/2026], **Accepted Date:** [12/07/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

لەخواردنەوە، شەرابی شۆفیگەری و روحییە نەك ترێ، سەبارەت بەمردن و ژیانیش گوتبوویی: (

- تەمۆ، د فەرهەنگا وە مەیخوران دەمرن صیە!!
- مرن هیشاریا مەزنە!
- و ژیان؟
- سەرخوەشیەکە درێژە. پیچەکی گەشییا روویێ وی ڤەگەریا و گۆت:
- ناخوە ئەز ل بەر کەڤیێن هشیارییێ مە؟!

ئەز تێ نەگهشتم ئەو چێ ل چ دکە. من، ب سەرێ خوە یێ کو گران بووبوو گرت و هەردوو جێنیکێن خوە فرکاندن. وێ دیسان ب خەمگینی گۆت:

- هنەك بێهنا مرنا خوە دکن، هنەك 1ی ب تام و چێژا وێ دهەسن. هن ژێ مرنێ ب چاڤان دبینن. دەنگێ مرنێ دچە هنەکێن دن و هن ژ دەستێ خوە دپەلینن و زڤریا مرنا خوە یان ژی شایکی و هلووتیا
مرنێ هەست دکن. لێ ئەز.......
- ئەز ژی مرنا خوە دنڤیسم!)(ل 25-26). خانی بریاری خۆی دابوو، لەوەی چی؟ دەکات وياری بەئاگردەکات، لەبەرئەوەی دادپەروەری ویەکسانی نێوان تاك وپێگە لەلای ئەدا بۆ هەر کەسێك هاوتابوون وخەوی بەیەکگرتوویی و سەربەخۆیی کوردستان و کوردەوە دەبینی.

بۆیە کاتێك یاوزی لۆتیش (رووگرتی) لەگەڵ ئەوەی وەك خۆی لەلاپەڕە (258) دەگێرێتەوە لەوەی سەری زەلامێك وسەلکە پیازێك لای من وەکو یەك وابوون، بەڵام ناسینی خانی و دانیشتنی چەند جارێکی لەمەجلیسی خانی پەشیمان دەبێتەوە لەکوشتنی، کەپیلانەکە لەلایەن میرزا سەبری دەستەڕاستی میر نەخشەی بۆکێشرابوو. لەرێی ژەهراویکردنی دیوانی (شیرین وخەسرەو) کە خانی دەمێك بوو عەودالی نوسخەیەکی نوێیبوو، سەحافەی و هەروەها کاتێك هەوڵدەدات رۆنی چراکەشی ژەهراوی بکات، دواتر بۆی روونەبێتەوە کەرۆنی ئاسایی تێکردووە، هەروەها دانەی (شیرین وخەسرەو)کە وەردەگەڕێتەوە شادومانە لەبێبەری بوونی لەم پیلانە تیرۆریە. بۆیە کاتێك بەهەواڵی نەخۆشی خانی دەزانێت زۆر دڵتەنگ دەبێت و یەکسەرە دەگەڕێتەوە لای سەڵاحەددینی سەحاف و کەدەزانێت کتێبەکەی لەلاماوە بێ یەکودوو کتێبەکەی لێوەردەگرێتەوە زێری بیر چۆتەوە سوپاسگوزاری خوا دەکات لەوەی ئەم ژەهر خواردی نەکردوە بۆیە دوای ناشتنی خانی هەروەك خۆی دەڵێت: (من بەرێ خوە دا میرزا سەبری و ئەو کتێب خستە هەمێزا وی گۆتێ:

- بلا ئەڤ ژی یادگارا من بە ل بەتا.)(ل264).

بۆیە یاوز بەشداریدەکات لەگۆڕ هەڵکەندن وناشتنی خانی تاوەکو توزێك لەخەمەکانی و پەشیمانی نیەتی لەکوشتنی برەوێنێتەوە بەشکۆوە تەرمەکەی خانیان لێوەردەگرێت، بۆ ئەوەی دایگرێتە خوارێ بۆ ناو گۆڕەکەی بەبن گوێ دەچرپێنێت و دەڵێت: (

- سەیدا خوەزی من زانیبوویا کێ رۆحێ تەیێ دەلالی کشاندیە. وەڵاه دێ نها بەری تە ئەو د گۆرێ دە بوویا!!.)(ل 265).

ئەم جۆرە دۆخانە مایەپووچی مرۆڤەکان دەخاتەڕوو لەبێ دەستمایەو پریشکی تۆڵەسەندنەوەیە لەزۆرداران هەروەها یەکلابوونەوەی؛ لەوە بەدوا دەستکەلای کەس نەبێت و ئازاد وسەربەخۆی بێت.

ئەوەی جێگەی ئاماژە پێکردنە یاوز لەرۆمانی (مارتینی بەختەوەر) بەخەمێکی زۆر ودەنگێکی کزولۆرشتنی هۆن هۆن دڵۆپە فرمێسك بۆ روحی خانی مەزن لەگفتوگۆیەك لەگەڵ مارتین و ئالبەرتۆ بۆیان دەگێڕێتەوەو ئالبەرتۆ دەڵێت:

- لەبەر ئەوەبوو لەنووسینی هۆنراوەکان پەلەت دەکرد؟ تۆ دەتوانیت مرۆڤێك بکوژیت،
- بەڵێ ئالبەرتۆ. من دەمخواست زێران قازانج بکەم لەبەرابەر کوشتنی ئەو مرۆڤی خودایە. ئەو ساتەی دیتم چووە دڵمەوەو خۆشم ویست لێ زێری زەرد خۆشەویستی خستەلاوە زانیم وەك ئەوانە نییە پێشتر کوشتوومن... عانێ بڕیاری کوشتنی ئەو پیاوە دا، پەشیمانی بەکڵبەکانی دامیە بەرگازان، ئەلحەمدولیلا من ئەوم نەکوشتووە. ئەوڕۆ دڵنیابووم بەراستی ئەو وەلییەکی پیرۆزە، ئەو بارانەشی باریوە. نیشانەی راستی قسەکانمانە. باوەڕدەکەن ئەو هەموو بارانەی باری، کفنەکەی تەڕنەکرد! دڵۆپێك چییە لەسەر کفنەکەی نەباری.)(ل227-228)

2- **گفتوگۆی ناوەوە-مۆنۆلۆگ**: وتووێژی ناواخنی کەسییەتی کەسایەتی کاراکتەر-ئەکتەرە، گوزارشت لەبارودۆخێك

دەکات کەبەشێك لەرازی نامۆ وشاراوەو کپ ومتبوویی هوشیاری، زەین ودەروون و روحی لەنێوان تێکەڵەیەکی گۆڕاوو بزواوی نێوان رابردوو،و ئێستاو داهاتوودا دێی ودەچێت و تائەو پەڕی گرنگی بە ((دۆزینەوەو خستنەڕووی ئەو گرۆکڵپەی ناوەوەی، کە نامەکانی لەمیانەی زەینەوە چەخماخە دەدات ودەبرێقێتەوە، چونکە ژیان زنجیرەیەك لەگلۆپە ریزکراوەکانی عەرەبانەکان نییە، ژیان بازنەیەکی دەروشاویە، پۆشەرێکی نیوە شاشوتەنکە، کە لەسەرەتای وشیارییەوە تاکۆتایی گەمارۆیداوین.))(جیمس و: 1971: 168-167). کەواتا دەکرێ بڵێین گفتوگۆی ناوەوە لەسەردان و مشتومڕو بێنەوبەرو سەربەسەرانێ ئەم پەیوەندییە دێتەکایەوە، کاتێك لەڤینێك لەزەینو وشیاری و دەروونی کەسایەتیەکەوە دەوروژێت و هەموو شتەکان هەڵدەگەڕێنەوەو سەراوبندەبن وهەست یان بیری خۆی لەمیانەی مۆنۆلۆگ یان خۆدواندندا دەردەبڕێت.

تایبەتمەندی وئەرکی هەریەك لەم دوو تەکنیکە لەوەدا دەبیندرێتەوە؛ مۆنۆلۆگ لایەنی دەروونی کەسایەتیەکە لەژێر فشار وهەڵچوون یان لەدۆخی تەنگانەدا شتێك دەڵێت یان بڕیارێك دەدات، واتا پاڵنەرێکی دەروونی لەپشتە، کە کاتییەو لەوانیە کاراکتەر-ئەکتەر لەداهاتوودا جێبەجێ نەکات. بەڵام خۆدواندن تێرامان ودووربینیە لەهەڵویست و چالاکییەی هاتوتەپێش کەسایەتی کاراکتەر-ئەکتەر کە دانپیانان و راستگۆیی لەبڕیار وجێبەجێکردنی تیادایە.

ئەوە جیگەی ئاماژەپێکردنە ئەم تەکنیکە لەدرێژەی گێڕانەوەدا ڕووداوەکان بەرەو پێش نابات، چونکە گوزارشتی بیرۆکەیەکی تایبەتە کەوا لەلایەن کاراکتەر-ئەکتەرەوە کە شپرزەیی وشێواوی پێوەدیارە، بۆیە دەقنووس دەبێت لەشیکارو راڤەی کۆمەڵێك ((خەیاڵی هەڵواسراو وتێبینی وردو توانای لەدۆزینەوەو داهێنان و بەرفراوانی تێگەیشتن وسەرنجدان و هەڵاتن لەواقیع ونزیکبوونەوە لەرازو نهێنی ناوەوەدا ورد بێت.))(حسنة: 2004: 162) تۆڕیکی چنراوی هاوشێوەی تۆڕی جاڵجاڵۆکە بچنێت و نێچیرەکەی بخاتە تەڵەوەو نەتوانێت دەستبەرداری بەدواداچوونی نەبێت. لەوانە:

لەفلمی (ژانی گەل)دا گفتوگۆی ناوەوە نییە، دەکرێ بڵێین هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، دەرهێنەر زیاتر دەستی بە نواندن وزمانی جەستەو ڕووناکی وموزیك و بێدەنگی و کارتێکەرە دەنگییەکانەوە گرتووەو ئەمەیش تایبەتمەندی سروشتی فلمەکەیە لەلایەك و لەلایەکی دیکەوە وشیارییەکی جوانیناسی و ئەو شێوازەی دەرهێنەرە لەپرۆسەی دەرهێناندا گرتوویەتیەبەر، چونکە هونەری سینەما هونەری وێنەیە تا وشە. بەڵام لەدەقی ڕۆمانەکەدا بەشێوەیەکی تاکوتەرا ئاماژە بەگفتوگۆی ناوەوە کراوە، لەبەر ئەوەی فرەدەنگە. هەر بۆیە ئەم دیاردەی کەمی گفتوگۆ ناوەوە لەرۆمانەکەشدا هەیەو تاکوتەرا گفتوگۆی ناوەوە هەیە، لەوانە لە(ل13، 14، 15، 22، 75، 168، 177، 188، 189، 214، 224).

سەبارەت بەدەقی ڕۆمانی (شەوانی ئادەم) مەردۆخ لەدوا ساتەکانی بەیەکگەیشتنەوەو لەدەستدانی زۆزان دوای ناسینی مەردۆخ و ڕۆیشتنی لەئاواییەکەیاندا ؛ ماڵجێهێشت و سەریخۆیهەڵگرت بەدوای مەردۆخ دەگەڕا،هەرچەندە دەیزانی گەیشتن بەمەردۆخ-هیوا سەختەو ڕێگای مانونەمانەو دوای کڵاوی بابردوو کەوتووە. لەدرێژەی گەڕانەکەیدا لەیەکێك لەئاوایانەی ئاوەدانکرابوونەوە، لەلایەن پیاوێکی نەناسراو کە لەوساتەدا تەرمی شەهیدانی شەڕی ناوخۆیان بۆ هاتبۆوەو لەکاتی بینیی زۆزان لەگوندەکەیان کە جلی پیاوانی پۆشیبوو بۆ پاراستنی خۆیو بەر لەلادانی جەمەدانەکەی، کابرای گوندی لەنێوان شپرەزیی وکارەساتی لەدەستدانی ئەم لاوانە بێسڵکردنەوە تەقە لەزۆزان دەکات و بەسەختی بریندار دەبێت و هەڵدێت لەژێر دارە سووتاوێك دانیشت، لەو کاتەی مەردۆخ دەگاتە ماڵی سەکینە "خۆی بەئادەم ناو دەناسێنێت" هەواڵی زۆزان دەزانێت بەرلەوەی گەیشتۆتە لای ئەمان، سەریخۆی هەڵدەگرێت ودەڕوات؛ لەدرێژەیگەڕان وڕۆیشتنەکەی هەستی لای زۆزانە، بۆیە کاتێك دەبینێت لەو شوێنە بەبێدەنگی دانیشتەوە، زۆر دڵخۆشدەبێت وبەهەڵەداوان خۆیی دەگەیەنێتە زۆزان تاوەکو پێیگاتەوە، بەڵام کار لەکاران ترازاوەو لەسەرەمەرگیدایە. زۆزان زۆر بەکپی وخەمەوە بە مەردۆخ دەڵێت کەی شەڕ کۆتایی دێت. لەوەڵامدا دەڵێت تا ئەو ساتەی وەکو بنیادەم بڕیار دەدەین، بەڵام بۆ ئەوەی زیاتر ئازاری نەدات ، هاوتەریبی ئەم ساتی وەڵامە بەراوردێك لەنێوان خۆی و ئەو وئاواییەکەی ئەواندا دەکات، لەوەی شوێن ناسنامەی جێگیربوون وئاشتی وئاوەدانییە، بەڵام ئەوانی "نێر" ئاڵودەی شەڕ وجەنگ و وێرانکارین ودەستبەرداری نابن، ئامادەن خانەوادە وئازیزانیان بەبێ هیچ پاساوێك بۆ نادیاری جێبهێڵن، بەڵام توانای دانوساندن وکۆتایی هێنانیان بەشەڕان نەبێت ودژی ویستەکانی خۆیان بووستنەوە؛ تەنیا لەپێناو ویستی خۆسەپاندن کە بەبەردەوامیش سەریان دەخوات. بۆیە بەحەسرەتەوە لەدڵی خۆیەوە دەڵێت: (ئێمەش هەرگیز ئەو بڕیارە نادەین، بڕیار ئەدەین لەشوێن دوورکەوینەوە، بڕیار ئەدەین خۆشەویسترین کەسمان جێ بهێڵین، بڕیار ئەدەین ببینە قارەمانێکی درۆزن، چونکو و وەستایمان پێ ناکرێت، بڕیاری کوشتنی ئازیزەکانیشمان ئەدەین، کەچی دڵمان نایەت بڕیاری وەستان و ڕاگرتن و کۆتاییهێنان بەکوشتار بدەین، لەدەستمان دێت شەڕێکی کوشندە دژ بەخۆمان هەڵگیرسێنین، بەڵام هەرگیز دڵمان نایەت جەنگ ڕابگرین.)(ل 545)، چونکە ململانێ لەپێناوی دەسەڵاتە جا چ لە بەرانبەر خودی خۆی بێت یان بەرانبەرەکەی، ئەویش میراتێکەو بەدرێژایی مێژوو قۆناغ بەقۆناغ گوازراوەتەوەو بەتەنیا ماوەتەوە.

بەپێچەوانەوەش ئەم تەنیاییە دەکرێت لەلایەکی دیکەوە هەلێك وهۆکارێك بێت بۆ خۆدۆزینەوەی کەسانی تر، لەوانە: کاتێك سەکینەو مەندانی خوشکی و کچەکانیان کەهێنابوون تاوەکو بەدەستگیرانکان بگەن وسەرهەڵبگرن، بەڵام دوایی ئەوەی پێیان دەڵێن کەوا خەڵکی ئەو ناوچەیەی کە ئەوان دەیانویست بیگەنێ لەلایەن ڕژێمەوە ڕەشبگیر و وێران کراوە، ئەوانیش دەترسن ڕوو لەشار بکەنەوە لەلایەن دەسەڵاتەوە دەست بەسەربکرێن، بۆیە ڕوودەکەنە ئەو چۆڵەوانییە کاکی بەکاکیەو تاوەکو دەگەنە بناری ماڵی ئادەمی سەرهەڵگرتوو؛ لەشەڕی "عێراق-ئێران" ورۆژانی بەبابردوویی وگیرسانەوەی لەم شوێنە بێ ناوونیشانەو هەر لەو ناوەندشدا خۆیدۆزیبۆوەو سەربەخۆیی خۆی لەخودی خۆیدا بەدەستهێنابوو،و توانیبوویی لەتەنیایدا خۆی بنیات بنێتەوە. درکپێکردنی سەکینەش لەم دۆخە نوێیەی ئادەم لەمیانەی ئەو وتووێژەی نێوانیان دێتەکایەوە، چۆن؟ ژیان وژیاری لەو شوێنە درێژەپێداوەو یەکلادەبێتەوە لەدرێژەپێدانی تەنیایی خۆی ومەندانی خوشکی کەپیاوەکانیان نەماوەو تەنیان، چ جای کچەکانیان کە ئومێدی گەیشتنەوەیان بەدەستگیرانەکانیان شاریان جێهێشتبوو، کەچی وائەوانیش خەریکە تارمایی تەنیاییان لێدەنیشێت؛ ئەگەر خۆیان لەم شوێنە مەڵاسبدەن، بۆیە بەرامانێکەوەو لەبەرخۆیەوە دەڵێت: (تەنیایی بنیادەم ئەگەڕێنێتەوە بۆخۆی. دۆخی ئەم وەستایە، هەلومەرجی خۆم و مەندانم ئەهێنێتەوە بیر، ژیانی پێشوومان، بەوەش ئەچێت داهاتووشمان، هەر بەدەزوی تەنیایی بتەنێتەوە. ئەم هەنگاوەمان لەهی ئەم پیاوە ئەچێت، ئەسڵەن ئەم هاتنەی ئیمە، ڕێخۆشکردنە بۆ شێوەیەکی تر لە تەنیایی، ئەو هەموو ڕۆژو شەوەی بەدەم یەکەوە گرێ داوەو لەناویا بۆتە گەڕیدە، هەرچی بیروڕای کەسانی ترە، کە لەکتێب وچیرۆکەکاندا بەجوانی بۆمان ئەگێڕنەوە، دەرهەقی ساتێکی ڕاستی تەنیایی کەسێك نایەن، ئەوەنە بەس نییە تا لەتەنیایی تێبگەی، گەرەکە تیاشیدا بژی، وردە وردە بیخۆی، ئەوجا ئەچیتە سەر ئەو سنورانەی وئەسا ڕەنگە بەشێکی کەمی دونیا ببڕی، ئەم پیاوەش گەلێك تەنیابووە، ئەکەر ئێمەش لەداهاتوودا وەك ئەم لەتەنیایدا نوقم بین، ئەوا بیروبۆچوونمان گەلێك ئەگۆڕێت.)(ل 346)لەبەر ئەوەی تەنیایی هۆکارێکە بۆ ڕەوینەوەی گومان ودۆزینەوەی ناسنامە لەچەندین ڕوانگەو کایەوە لەوانە: ڕووبەڕووبوونەوەو ووردبوونەوە لەخودو گوێگرتن لەدەنگی ناوەخۆی لەوەی کێیە؟ چی دەوێت؟ چی بکات؟؟؟ لەم سۆنگەیەوە دەکرێت ناسنامەی ڕەسەنی خۆی بدۆزێتەوە، چونکە هەموو دەمکەکان دادەماڵێت کەپێشتر دەیپۆشین، لەم تەنیایەدا گەوهەری جەوهەری ڕاستەقینەی خۆی بەبێ ساختەکاری و زمان شیرینی دەبێتە بنەمایەك بۆ چەکەرەکردن وپێگەیاندنی بەهای خۆشەویستی.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Website**https://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12559]
- **Submission Date:** [26/04/2026], **Revised Date:** [26/04/2026], **Accepted Date:** [12/07/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

هەر خۆشەویستی وڕێزو سۆزو بەهای مرۆڤبوونی ئەحمەدی خانی بوو، لەدەقی رۆمانی (میرنامە)دا خۆشەویستی وخۆشلێهاتنەوەی مرۆڤی لەلای یاوز هاوشێوەی زەوی بەیار کێڵایەوەو ژیانی بەبەرداکردەوەو دوایی تەواوبوونیان لەناشتنی خانی، ئەو رووپۆشەی کەدەموچاوی پێبستبوو کردیەوەو رووی لەمیرزا سەبری دەکات رووپۆشەکەی پێدادەدات وپێدەڵێت خۆتی پێ داپۆشەو شاری بایەزید جێدەهێڵێت، دواتربەهەموو باوەڕبەخۆبوونێکەوە دەڵێت: (لێ ئەلحەمدولیلاه من خانی نەکوشتیە.)(ل 259). جوانی مرۆڤبوونی مرۆڤەکان متمانە بەخۆبوونیان، لەبێدەنگیو بەبێ بانگەوازو پێشڕەوی ودەستپێشخەرییان یەکلایدەکاتەوەو کاریگەرییان دەبێت لەگۆڕێنی کەسەکان یاخود لەهەندێك دۆخی دیکەدا بەرەو قۆناغی راگوزەریان دەبات.

بەڵام ئەم خۆشەویستییە لای حاجی زوهدی بارزگانی چاوچنۆك و باوکی شەنگێ دەپەڕێت بۆ تۆڵەکرندنەوە لەئەحمەدی خانی، لەمیانەی بەشوودانی شەنگێ کچی بەخواجە ئەلاقولیی ماکۆیی بازرگانی پێستە، لەبەر چەند هۆکاریك لەوانە: خانی دواری مردنی باوکی لەمیراتەکەی نیوەی گەڕاندەوە بۆ برکەی و نیوەکەی دیکەیشی بۆ بنیاتی فێرگەو مزگەوت خەرجکرد. کەواتە حاجی چاوچنۆك چۆن کچەکەی بدات بەپیاوێك، کە سەرمایەکەی تەنیا زانستە، لەلایەکی دیکەیشەوە ئەو شیعرانەی بەسەر شەنگێ هەڵدەگووت هانی حاجی چاوچنۆکیدا بۆ ئەوەی کچەکەی بەشووبدات و قسەوقسەڵۆکی خەڵکی بنەبڕبکات. کە دەڵێت: (پشت رە ئەز فکریم و من ژ خوە گۆت، نها ژما ئەز شەنگێ نادم ویذ ما ئەزێ یەکی ژ وی چێتر ببینمذ ئەز دێ خوە ژ مەلا ئەحمد ئەفەندی و گۆتنێن خەڵقی ژی خەلاس بکم و ئێدی کەچا من وێ بسترە. خوجە ئەڵاهقولی یەکی مالدار و دەولەمەندە و ئەگەر گەچا من ببە ژنا وی دێ پەشکێن وی ل داوا من ژی بکەڤن. تەو کو کورانی ژێ رە بینە!! مالێ وی ب من و نەڤییێن من دمینە.)(ل 68). کەواتە خانی لەرووبەڕووبوونەوەو ململانێ و مشتومڕی نێوان دەسەڵات و رۆشنبیر لەنێوان دوو بەرداشی هاوتەریبی کۆمەڵایەتی و سیاسی-ئابوری ئەوێ رۆژێ گوزەری کردووەو ژیاوە.

**7.ئەنجام**

له میانەی تاوتوێی ئەم باسەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانە، لەوانە:

1- گفتوگۆ شارستانیترین شێواز وسۆنگەی بەیەککەیشتن وگۆڕینەوەی بیروبۆچوون وگەیاندنی واتایە لەرۆمان و فلمی سینەماییدا.
2- تەکنیکی ئاستی دەنگ لەگفتوگۆی رۆمانەکانی (شەوانی ئادەم ، میرنامە)، واتاکەی بەگوێرەی ئاستی وەرگر دەگۆرێت و یەك واتای نابێت، لەبەر ئەوەی وشە سەرپشکە بۆیە پەیوەستە بەئاسۆی چاوەڕوانی وەرگر. بەڵام لەفلمی (ژانی گەل) واتاکان روون وئاشکران لەمیانەی نواندنی ئەکتەرو چۆنیەتی گۆکردن ودەربڕینیەوە.
3- جوانیناسی فرە دەنگی وجیاوازی قسەکردن لەدەقی رۆمانەکاندا دەسترۆیشتوویی دەقنووسەکان لەدەوڵەمەندی فەرهەنگی وشەیان دەخاتەڕوو، کاریگەری هەبوو لەوەی لەفلمی (ژانی گەل)دا سیناریۆنووس و دەرهێنەر راستەوخۆ دەست بەگفتوگۆکانەوە بگرن و دەستکاری هونەریی لەبەر درێژی یان کورتی گفتوگۆکە لەهەندێك شوێندا بەپێ پێویست تیایدا بکەن، لەبەر پێداویستی هونەری فلمسازی.
4- دەنگی رۆماننووس لەدوو رۆمانی (ژانی گەل ، شەوانی ئادەم) زاڵە، لەبەر ئەوەی لەلایەن گێڕەڕەوەیەکی هەمووشتزان دەگێڕدرێتەوە، بەپێچەوانە رۆمانی (میرنامە) دەنگی کاراکتەرەکان دەبیسترێت، لەبەرئەوەی گێڕەڕەوە کەمشتزانە.
5- لەگفتوگۆ ناوەکییەکاندا؛ هێمنی و بێدەنگیەکی قووڵی هەڵقوڵاویی زەین ودەروونیی تیادایە، تاوەکو هەواڵەکان بەخۆشی و ناخۆشی، ئارامی وتۆڵە... بەدەوروبەر بگەیەنێت.

**8.سەرچاوەکان**


- کوردییەکان:

1- ئەحمەد: ئیبراهیم، ژانی گەل، چاپخانەی کاکەی فەللاح – سلێمانی، 1973.
2- دۆست: جان، میرنامە، ڤەگۆستن ژ رێنڤیسا لاتینی: دلێر داود، چاپخانا Kalkan Ofest، تورکیا، وەشانێن کتێبخانا جزیری- کوردستان- دهۆك، 2017.
3- سەلمان: بەیان، شەوانی ئادەم، چاپخانەی پەنجەرە، ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاکردنەوە، 2015.
4- فرۆید: وئانشتاین، پاڵنەرەکانی جەنگ، و. مەریوان هەڵەبجەیی، چاپخانەی تیشك، بەرێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، 2007.

- عەرەبییەکان:

5- ابن منظور أو ابو الفضل جمال الدين الافريقي، لسان العرب، دار صادر، بيروت-لبنان، 2000.
6- البيضائي: د.حكمت، جماليات و تقنيات الصوت، أكاديمية الفنون – القاهرة، الطبعة الاولى، 2011.
7- باختين: ميخائيل، ت: جميل نصيف التكريتى، دار توبقال للنشر-دارالشؤون الثقافية العامة-بغداد، 1986.
8- توروك: جان بول، فن كتابة السيناريو- التاريخ، والنظرية، والممارسة، ت: قاسم المقداد، دارنينوى للنشر و التوزيع، 2014.
9- جيمس: هنرى، جوزيف كونراد، فرجينيا وولف، د.ه.لورنس، بيرسي لوبوك، نظرية الرواية فى الادب الانكليزي الحديث، ت.ت.د. انچيل بطرس سمعان، م، رشاد رشدي، الهيئة المصرية العامة للتأليف و النشر-القاهرة، 1971.
10- الجاحظ: البيان و التبين، الطبعة الرابعة، 1975.
11- حسنة: عمر عبيد، الخطاب الغائب، المكتب الاسلامي-بيروت، 2004.
12- دي جانيتى: لوي، فهم السينما، ت: جعفر على، دار الرشيد للنشر، العراق، 1981.
13- رافيندان:س، البنيوية و التفكيك، ت.خالدة حامد، دار الشؤون العامة-بغداد، 2002.
14-

15- عبدالسلام: فاتح، الحوار القصصي تقنياته و علاقاته السردية، المؤسسة العامة للدراسات و النشر، بيروت، 1999.
16- مجدالدين يعقوب الفيروز أبادي: القاموس المحيط، بدون سنة الطبع.
17- هيئة الموسوعة العربية: الجمهورية العربية السورية: رئاسة الجمهورية، دمشق-سوريا، ط1، 2001.
18- الياسري: عماد ابراهيم محمد. الرامج التلفزيونية تمظهرات الشكل وباءه الدرامي و الدلالي، دار الرضوان للنشر والتوزيع، عمان. 2013.
19- صوت الكاتب فی الادب https://eferrit.com

- ئینگلیزی

1- Green: Robert.s.,Television writing Theory and Techniqne, U.S.A, 1950.

**ملخص البحث.**

ان الاهتمام بالتقنية من حيث البنية والشكل و الظاهرة، يبرز كيفية اشتغال النص من قبل ماهية العمل ذاته؛ لان التصی لا يقتصر على البحث عن مضمون ما "فكري، معرفي، اقتصادي، اجتماعي ..."، بل ان موازاة المضمون تكون فی البحثعن كيفية تشكل بنيته الفنية. وعليه فان مهمة الكاتب الماهرتكمن فه التوليف الفني بين الشكل و المضمون بوصفهما وجهين لعملة واحدة، والا فان هذين المكونين لا يفصل بينهما الا على مستوى النظرية فحسب.

اما فيما يخص موضوع بحثنا فهو الحوار؛ اذ يحتل مكانة مهمة وراسخة ومقبولة فی الدراسات النقدية و التحليلية، سواء فی مجال جنس الرواية ام فی الفيلم السينمائي، ولا سيما عند نقطة الجدل بين الاراء حول ما اذا كان عنصرا اساسيا فی النص/الفيلم.

**الكلمات المفتاحية:** الحوار، التقنية، الرواية، السينما، الصوت.

**Abstract**

Attention to technique, in terms of structure, from, and manifestation, reveals how the text functions prior to addressing the essence of the work itself. A text is not merely a search for a particular content (intellectual, cognitive, economic, social, etc.); rather, parallel to content is the search for how its artistic structure is formed. Therefore, the task of the skilled writer lies in the artistic integration of form and content as two sides of the same coin. Otherwise, these two components can only be separated on a theoretical level.

As for our subject, it is dialogue. It occupies an important, established, and widely accepted position in critical and analytical studies, whether in the genre of the novel or in a cinema.

Particularly significant is the point of debate between views regarding whether dialogue is a supportive element or a fundamental element in the text/film.

**Keywords**: Dialogue, Technique, Novel, Cinema, Sound.